# راپۆرتی بیکەر و هاملتن ئاشکرا دەکرێ

**سنور عەزیز**



گروپی خەبات کە بەسەرۆکایەتی لی هاملتۆن ئەندامی پێشووی کۆنگرێس و جەیمس بیکەر وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە داهاتووی عێراق پێکهاتووە، لە راپۆرتێکی ٧٩ خاڵیدا رامانی خۆیان پێشکەش بە جۆرج دەبلیو بووشی سەرکۆمارو کۆنگرێسی ئەمریکا کردووە، جەختیان لەسەر پاراستنی ئاورووی ئەمریکا کردۆتەوە.

لی هاملتۆن سەبارەت بە راپۆرتەکە دەڵێ : ئێمە پێشنیارمان کردووە کە :

تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ زۆرینەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکشێرێنەوە.

تەنیا ئەو سەربازانەی کە هاوکاری سوپای عێراق دەکەن لە عێراق بمێننەوە.

بۆ دژایەتیکردنی رێکخراوی ئەلقاعیدە هێزی تایبەت لە هەندێ شوێنی عێراق جێگیر بکرێن.

بۆ یەکێتی نیشتمانی هاوکاری حکومەتی عێراق بکرێ.

بەبەشداری ئێران و سوریاو تەواوی دراوسێکانی عێراق هەوڵدانی سیاسی پێکبێت.

هەروەها جەیمس بیکەر لەو پێوەندیەدا گوتویەتی: هیچ چارەسەرێکی ئەفسووناوی بۆ پرسی عێراق لە ئارادانیە. ئێمە پێشنیارمان کردووە کە گروپی نێونەتەوەیی پشتگیری عێراق پێکبێ، ئێمە دژی هەڵوەشانەوەی عێراقین.

ئەوەی شیاوی باسە گروپی خەبات، سەبارەت بە چارەنووسی کەرکوک پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە بەڕێوەبردنی ریفرادنۆم دوابخرێ، چونکە تورکیا لەوە نیگەرانە کە کەرکوک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش هاوکاری تورکمانەکان دەکات و دنەیان دەدات.

راپۆرتەکە مەترسی خۆی پێشانداوە، ئەگەر کورد دەولەتی سەربەخۆ رابگەیەنن، لەوانەیە تورکیا لەشکرکێشی تێدا بکات، هەروەها ئێرانیش تا پەترۆلی زیاتری دەست بکەوی لەشکری رەوانەی باشووری عێراق دەکات، بەمەش هێزەکانی ئێران لە ناوچەکەدا زۆرتر و بەهێزتر دەبێ.

ئەوەی شیای باسە جەیمس بیکەر و لی هاملتۆن و سەرجەم ئەندامانی دیکەی لیژنەی گروپی خەبات کە لە پێنج ئەندامی پارتی کۆماری و پێنج ئەندامی پارتی دیموکراتی پێکهاتووە، بە دۆستی نزیکی تورک دەناسرێن، مەبەستیشیان لەو راپۆرتەدا ئەوەیە کە حکومەتی ئەمریکا بترسێنن نەوەکو پشتگیری لە کوردستانێکی سەربەخۆ بکات، دەنا سەربەخۆیی کوردستان چ پێوەندی بەوە هەیە تا ئێران لەشکری خۆی رەوانەی باشووری عێراق بکات و دەست بە سەر نەوتی ئەو هەرێمەدا بگرێ. راستیەکەی هێزەکانی شیعە زۆر شێلگیرانە پشتگیری لە کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن، بەمەش هیچ پاساوێک بۆ ئێران نامێنێتەوە تا بێتە ناو هەرێمی شیعەکانەوە، کەواتە وروژاندنی ئەو پرسە تەنیا بۆ ئەوەیە تا حکومەتی ئەمریکا بەشێوەیەک لە شێوەکان خواستی تورکەکان سەر راست بکاتەوەو رێگە لە خواستی نەتەوەی کورد بگرێ.

چاودێران راپۆرتەکە بە ناتەواو دادەنێن، چونکە لیژنەکە لە دوورو نزیکەوە سەردانی هەرێمی کوردستانی نەکردووە کە بە ئارامترین و ئاوەدانترین هەرێمی عێراق دادەنرێ. تەنانەت هیچ پرس و راوێژبە کورد کە پێکهاتەیەکی سەرەکی کێشەکانی عێراق پێکدێنێ، نەکراوە. کێشەی باشووری کوردستان تەنیا بە رەوشی ئێستا نەبەستراوەتەوە، بەڵکو ریشەی مێژوویی هەیە، بەبێ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش رۆژهەڵاتی ناڤین ئاشتی و ئارامی و ئاوەدانی بەخۆیەوە نابینێ. سەرەنجام جیهانیان دەگەنە ئەو باوەڕەی کە پشتگیری لە کوردستانێکی سەربەخۆبکەن، چونکە ئێتر سەردەمی داگیرکاری و چەوسانەوەی نەتەوەیی کۆتایی هاتووە.

# هەولێر و بەغداد وتووێژ دەکەن

**رۆژی گەل**

دوای ئەوەی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەردانی بەغدادی کردو لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی ناوەندی کۆبۆوە، بەشێک لەچاودێران و راگەیاندنەکانی لایەنە دەستەڵاتدارەکان پێیانوابوو کە دانوستانەکانی نێوان هەردوولا ئاکامی باشی لێکەوتۆتەوەو لەسەر کرۆکی کێشەکان رێککەوتوون، لەو سۆنگەیەوە قەڵەمەکانیان تیژ کردو پەسنی شاندەکەیان کرد، بەڵام سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەیدا ناراستەوخۆ ناکامی ئەو دانوستاندنانەی ئاشکراکرد.

شاندی هەرێم بەو مەبەستەوە سەردانی بەغدادی کردبوو تا ئەو ٤٨٥ ملیۆن دۆلارە گلدراوەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٦ بگێڕێتەوە و هەوڵی زیادکردنی رێژەی ١٧% بۆ هەرێمی کوردستان بدات. سەبارەت بە ماددەی ١٤٠ وتووێژبکات و هەوڵی جێبەجێکردنی بدات، گفتوگۆی راشکاوانە سەبارەت بە یاسای نەوت بکات، بەڵام ئاکامی دانوستاندنەکە وەک ئەوە نەهاتۆتەوە کەچاوەڕوان دەکرا. حکومەتی بەغداد بە بیانۆی ئەوەی هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ئاسایشی وڵات ئەرکی لەپێشینەی حکومەتی ناوەندیەو هێشتا کاتی یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانە نەهاتووە، خۆی لە راستیەکان دەدزێتەوە. هەروەها حکومەتی هەرێمیش چاک دەزانێ کە گەندەڵی لەسەروو تا خوارووی داگرتووە مل بۆ لیژنەی چاودێری دارایی نادات و حەز ناکات کەس لە چۆنیەتی داهات و سەرفیاتی بکۆڵێتەوە. هەردوولا دووپاتیان کردۆتەوە کە کێشەیەکی گەورە لەسەر یاسای نەوت هەیە، بەغداد پێڕاگەیشتنی سەرچاوە نەوتیەکان بەمافی خۆی دەزانێ و هەولێریش داوای ئامادەکردنی یاسایێکی مەیلدار دەکات.

مافی رەوای حکومەتی هەرێمە داوای ٤٨٥ ملیۆن دۆلارەکە بکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا مادام بودجە لە بەغدادەوە بۆ هەولێر دێ، مافی حکومەتی ناوەندیە کە لە رێگەی لیژنەی چاودێری داراییەوە لە چۆنیەتی سەرفیاتی بودجە بکۆڵێتەوە. با گێڕانەوەی ٤٨٥ ملیۆن دۆلارەکە لە خزمەت پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە دابنرێ، با چیتر بودجەی کوردستان لە کڕینی مۆنیکا و باڵاخانەو میوانخانە بۆ بەرپرس و میوانەکانیان بە فیڕۆ نەدرێ.

حکومەتی بەغداد بۆ ئەوەی رێگە لە خواستی کورد بۆ بەرزکردنەوەی رێژەی بودجەی هەرێمی کوردستان بگرێ،رێژەی ١٣%ی پێشنیار کرد، هەرچەندە بەغداد باش دەزانێ کە رێژەی کوردستانیان لە ١٧% زیاترە و دەستووریش ئەو رێژەیەی چەسپاندووە، کەواتە بەغداد کەمی پێشان دا، تا هەولێر داوای زیاد کردن نەکات و پێ لەسەر هێشتنەوەی رێژەی پێشوو دابگرێ.

جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ وەک لە دەستووری عێراق بڕیاری لەسەردراوەو خەڵکیش دەنگی بەو دەستوورە داوە، دەبێ لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێ،بەهۆی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمیشەوە چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان یەکلایی بکرێتەوە. رەوتی رووداوەکان و کۆششی هێزە مەزهەبیەکانی عێراق گەواهی ئەو راستیە دەدەن کە هەم بەغداد نیازی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی نیەو هەم دەوڵەتانی ناوچەکەش دنەی دەدەن وئاستەنگ لەسەر رێگەی ئاسایی کردنەوەی رەوشی کەرکوک و موسڵ و ناوچەکانی دیکە دادەنێن. ئەگەر دیدارو دیمانەکانی بەرپرسانی کورد، بەتایبەتیش وتەی ئەندامانی لیژنەی ئاساییکردنەوەی رەوشی پارێزگای کەرکوک بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە هێزە عەرەبیەکان و بەرەی تورکمانی و حکومەتی بەغداد لەگەڵ هەڵپەساردنی ئەو کێشەیەن و رێگری لە گێڕانەوەی پارێزگای کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکەن، هەوڵ دەدەن لەژێر رکێفی بەغداد بمێنێتەوە یان وەک هەرێمێکی سەربەخۆ بناسێندرێ. شاندەکەی حکومەتی هەرێم هێشتا رۆشنایی لە داهاتووی کەرکوک نەچنیوەتەوە، کەچی خۆشخەیاڵانە پەسنی بەرپرسانی حکومەتی بەغداد دەکات و پێیوایە کە ئەوان دڵسۆزانە هەوڵی جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستووری عێراق دەدەن. لەو پێوەندیەدا دەبێ ئەو راستیە بزانین کە کێشەی کورد لە سیاسەت و بەرنامەکانی دەستەڵاتدارانی بەغداد سەرچاوەیان گرتووە، گرفت لە دەستوورو ماددەکانیدا نەبووە، لە هیچ یاسایێکی عێراقیدا بە ئاشکرا باس لە بە عەرەبکردن و پاکتاوکردنی رەگەزی کورد نەکراوە، بەڵام بەکردەوە ئەو سیاسەتە پێڕۆکراوە و هەوڵی شێواندن و گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان دراوە، ئەمڕۆش بەرپرسانی بەغداد و هەندێ هێزی مەزهەبی و نەتەوەیی عەرەبی راشکاوانە کوردستانیبوونی کەرکوک رەت دەکەنەوە، بەخشکەیی سیاسەتی رژێمەکانی پێشوو درێژە پێدەدەن، کەواتە دانوستاندنی نێوان هەولێرو بەغداد لە خاڵی دەستپێکەوە گیرساوەتەوە، لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە. ئەگەر نیاز وایە ئەو دانوستاندنانە خولی دیکەیان هەبێ و درێژەیان پێ بدرێ، دەبێ کورد بە بەرنامەیەکی دیکە و بە کارتی دیکەوە بچێتەوە بەغداد. راستیەکەی باشتر وایە کە شاندی بەغداد ناچار بکرێ بێتە هەولێر و داوای دانوستاندن بکات .

# لە پەراوێزی سەردانەکەی ئەلموعەلیمدا بۆ بەغداد!

**هۆشیار عەبدولرەحمان**



**ئەلموعەلیم – وەزیری دەرەوەی سوریا**

لەدوای ڕوخاندنی رژێمی بەعس لە عێراق، بۆ یەکەم جار وەفدێکی باڵای سیاسی و دیبلۆماسی دەوڵەتی سوریا بەسەرۆکایەتی وەزیری دەرەوەی سوریاو شاندێکی هاورێی سەردانی عێراق دەکەن، لە ئاستێکی بەرزی بەرپرسانی عێراق پێشوازیان لێکرا، لەو دیدارەدا هەریەک لەسەرۆک کۆمارو سەرۆکی وەزیران و وەزیری دەرەوەی عێراق کۆبونەوەو گفتوگۆی چڕو پڕ ئەنجام دراو دواتر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا وەزیری دەرەوەی سوریا بەڵێنی دا کە دەوڵەتی سوریا وەک دەوڵەتێکی عەرەبی و دراوسێی عێراق هاوکاری و هەماهەنگی و پشتیوانی تەواوی پرۆسەی سیاسی، لەعێراقدا بکات ئەوەی جێی سەرەنج و تێڕامانە بۆ ئەم سەردانە لەم ئاستەداو دواکەوتنی بەدەنگەوە هاتنی دەوڵەتی سوریا بۆ دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامی دواتر گەیاندنی پەیامی بەشار ئەلئەسەدی سەرۆکی سوریا بۆ داوەتنامەی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ سوریا کرد، لەم روانگەیەوە دەوڵەتی سوریا چەندین جار لەلایەن ئەمریکاو ئیدارەکەی سەرۆک (بۆش)ە وە تاوانبار دەکرا کە پشتیوانی و هاوکاری گروپە تیرۆرستەکانی ناو عێراق دەکات بۆ کاری تێکدەرانەو بەم شێوەیە دەیەوێت پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەمریکا بەرنامەی بۆ دارشتووە کە دیموکراسی و گۆڕینی رژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بگۆڕێت و هەڵوەشێنێتەوە و، لەلایەکی تریشەوە بەرپرسانی دەزگای ئەمنی و موخابەریەتیەکانی عێراق دەوڵەتی سوریایان تۆمەتبار دەکرد کە هاوکاری هەتیوەکانی بەعس و گروپەکەی زەرقاوی دەکات، بۆیە بەم هەنگاوەی سوریا دەیەوێت پێمان بڵێت کە سوریەکان لەبەرامبەر لێدوانە رەسمی و سیاسی و رۆژنامە وانیەکانیاندا دەربارەی بارودۆخی رەوشی ئەمنی و سیاسی عێراق ڕاستگۆن و سنورەکانیان خستووەتە ژێر کۆنترۆڵەوەو رێگە بە تیرۆرستەکان نادەن بارودۆخی عێراق بشێوێنن و لەلایەکی ترەوە دەیانەوێ بەئەمریکیەکان بڵێن ئێمە لە ئاستی و سیاسی و ئەمنیدا راستگۆین و چیتر بائەمریکیەکان تاوانبارمان نەکەن بەرامبەر بەکاری تێکدەرانە لە عێراق. سوریا وەک دەوڵەتێکی عەرەبی و هاوسنوری عێراق بمانەوێ و نەمانەوێ کاریگەری راستەوخۆ و بەهێزی هەیە لەسەر روداو و گۆڕانکاریەکانی عێراق و ناوچەکەشەوە، بۆیە ناتوانرێت و ئاسان نییە کاریگەریە ئەمنی و سیاسی و ئابوریەکانی لەسەر عێراق پەراوێز بخرێت. ئەگەر ریزبەندی هاوکێشەی ناوچەکە بکەین دەبینین دەوڵەتی سوریا لەدوای دەرپەراندنی سوپاکەی لە لوبنان و دواتر تێوەگلانی بەکوشتن و تیرۆرکردنی سەرۆک وەزیرانی پێشوو کە ( ڕەفیق حەریری ) بوو، راستەوخۆ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی فایلێکی تایبەتی بەم کێشەیە دروست کردو زۆر بەجدی ئیدانەی ئەم تیرۆرکردنەی کردو بەمەترسی لەقەڵەمی داو بنەماڵەی بەشار ئەلئەسەدی تاوانبار کرد، بۆیە پێویست بوو بنەماڵەی فەرمانڕەواو دام و دەزگا ئەمنیەکانی سوریا بەخۆیاندا بچونایەتەوە و هەڵوەستەیان لە سیاسەتەکانیان بکردایە، بۆ ئەوەی چیتر لەگەڵ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا دانەبڕێن و دەرس و پەندیان لە سیاسەتەکانی سەدام حسێن وربگرتایە، بەڵام بەپێچەوانەوە لەگەڵ کەوتنی رژێمی بەعس دەوڵەتی سوریا سنورەکانی خۆی بە تەواوی بۆ تیرۆرست و سەرجەم بەعسیەکان ئاوەڵا کردوو بگرە هاوکاری مادی و لۆ جستیشی کردووەو هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا سەردان و دیدارەکانیان لەئاستێکی بەرزدا ئەنجام دەدەن و دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەناوچەکەو عێراقدا هەڵس و کەوت دەکەن، ئایا سوریەکان دەتوانن تادوا هەنگاو دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا بوەستنەوەو تەحەدای بکەن یان دواجار بەهەندێک دەسکەوت و آمتیازات سازش دەکەن و پەیوەندیە دیبلۆماسی و سیاسیەکانیان لە بەرامبەر ئەمریکاو ئیسرائیلدا سروشتی دەکەنەوە و لەئابلۆقەی نێودەوڵەتی خۆیان رزگار دەکەن.

بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین هەڵگرتنەوەی یەکەم هەنگاوی سەرەتایی لەم جۆرە ئومێدی ئەوەی لێدەکرێ پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵات و لەبوارەکانی سیاسی و ئەمنی و بازرگانی و ئابوری...هتد، تری بەدواوە بێت و ئاسۆیەکی بەرفراوانیش بێت بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو بەتایبەتی کە بارودۆخی هەستیاری ئەمڕۆی عێراق زۆر پێویستیەتی.